بانکی رافیدەین جەژنانە بەسەر ٥٠ هەزار بەشداربوو دابەشدەکات



بانکی رافیدەین رایگەیاند دیاری جەژن بەسەر زیاتر لە ٥٠ هەزار بەشداربوودا دابەشدەکات، ئاماژەی بۆکرد ئەم دیاریەش بۆ ئەو کەسانەیە کارتی ئەلیکترۆنی رافیدەینیان بۆ پاشەکەوتکردن و بازارکردن لەبری پارەی نەختینەیی بەکارهێناوە.

بانکی رافیدەین لە راگەیەندراوەکدا باویکردەوە، لە هەنگاوێکی تایبەتدا و بە ئامانجی پاپشتیکردنی کلتوری پارەدانی ئەلیکترۆنی و هاندانی هاوڵاتیان بۆ دەستبەردار بوون لە مامەڵەی نەختینەیی تەقلیدی، هەڵمەتی "جەژنی ئەوە لەسەر ئەمەیە" دەستپێدەکەن، کەمپینەکەش بریتییە لە دابەشکردنی خەڵاتی نەختینە بەسەر هەزاران بەشداربوو کە کارتی ئەلیکترۆنی رافیدەین کڕین و بازارکردن بەکاردەهێنن.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەم دەستپێشخەرییە هاوتەریبە لەگەڵ ڕێنماییەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ هاندانی بانکەکان و کۆمپانیاکانی پارەدان بەمەبەستی پەرەپێدانی میکانیزمی هاندانی کاریگەر کە بەشدارە لە خێراکردنی گواستنەوە بۆ ئابووریەکی دیجیتاڵی

بۆ پارەی و گەشەسەندنی کلتووری پاشەکەوتکردن و بەکارهێنانی زیرەکی ئامرازە بانکییەکان مۆدێرنەکان.

ڕووبەڕووبونیشیکردەوە، بانکی رافدەین بەنیازە جەژنانە بەسەر زیاتر لە ٥٠ هەزار بڕیشداربووی چالاکدا دابەش بکات، بەپێی سیستەمێکی چاودێری ڕێکخراو کە ستانداردی وردی دادپەروەری و شەفافیەت لەخۆدەگرێت.